سەید حەکیم پێشوازی کرد لە یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی رەوتی حیکمەی نیشتمانی سەید عەمار حەکیم، گرنگترین ئاڵنگارییە بنەڕەتییەکانی بەردەم عەراقی دەستنیشان کرد، و رایگەیاند: عەراق پشت بە خۆی دەبەستێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، و دەیەوێت بەڕووی هەموو لایەکدا کراوە بێت و مامەڵەیەکی هاوسەنگ لە پەیوەندییەکانیدا بکات. سەید حەکیم لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: لەگەڵ یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی تیمی سەربەخۆ بۆ پێداچوونەوەی ستراتیژی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عەراق ڤۆلکەر پێرس و شاندی یاوەری کۆبووینەوە،و سروشتی ئەو بارودۆخە سەختەمان ڕوونکردەوە کە عەراق لە ماوەی گەشتەکەیدا لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەسەریدا تێپەڕیوە، و ئاماژەمان بە گۆڕانکارییە گەورەکانی عەراق کرد کە لە قۆناغی دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستەمی دیموکراسی. هەروەها سەید حەکیم ستایشی، بوونی نوێنەرایەتی یونامی کرد وەك دەربڕینی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەزموونی دیموکراسی لە عەراق لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، و قوربانیدانی نوێنەرایەتییەکەشی لە ماوەی کارکردنیدا بەرز نرخاند. ئاشکراشیکرد: عەراق لە هەوڵی پەرەپێدانی دۆخی خۆیەتی، بەو پێیەی عەراقی ساڵی 2023 تەواو جیاوازە لە ساڵی 2003، و ئاماژەی بە پێشکەوتنەکانی دیمەنی سیاسی کرد، لەوانە پێکهاتنی هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت وەك هاوپەیمانی

فەرمانڕەوا و پشتیوانییەکی بەهێزی حکومەت، هەروەها بوونی چەندین هاوبەشی لە نێوان هێزە سیاسییەکان سەرەڕای هەڵە و ئاڕاستە جیاوازەکان. سەید حەکیم جەختیکردەوە: عێراق دەیەوێت بەڕووی هەموو لایەکدا کراوە بێت و مامەڵەیەکی هاوسەنگ لە پەیوەندییەکانیدا بکات لەسەر بنەمای بەرژوەندیەکانی، و وتیشی: عێراق پشت بە خۆی دەبەستێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، و بە باشترین شێوە توانای دیاریکردنی پەیوەستی و جۆری هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانی هەیە، هەروەها کە ئەولەویەتە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدانی ئابوورییە لە بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار و وەبەرهێنان، تەکنەلۆژیا، و کەرتی بانکی. هەروەك سەید حەکیم ڕایگەیاند: ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم عێراق بریتین لە ئابووری، گۆڕانی کەشوهەوا، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لاوازی ئیداری، بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی تیرۆر، نوێکردنەوەی کۆمەڵگاکان، بەرەنگاربوونەوەی کۆچی پێچەوانە لە لادێکانەوە بۆ شار، و داواکاری بنەماکانی مافی مرۆڤ. وتیشی: لەم ئاڵنگارییانەدا عێراق پەیوەستی بە هاوکارییە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی ئەو ئەولەویتانەی کە دایدەنێت، و جەختیشی لە ویستی عێراق بۆ ڕۆڵی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوە.